دەستەی کارگێڕی نوێ بۆ یانەی وەرزشی زۆرا هەڵبژێردرا

ئەمڕۆ هەینی، هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی زۆرا لە بەغدای پایتەخت بە ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی گشتی بەڕێوەچوو.

دەستەی کارگێڕی نوێ بۆ یانەکە هەڵبژێردرا، محەمەد شەنشول پێستی سەرکی یانەکەی بەدەستهێنا، عەبدولئەمیر وەك جێگری سەرکی یانەکە هەڵبژێردرا، محەمەد کەریم پێستی سکرتێری وەرگرت و هەروەها یەحیا محەمەد وەك سکرتێری دارایی هەڵبژێردرا، هەروەها قاسم محەمەد وەك ئەندامی دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردرا.

ئاماژەی بۆشکردووە : ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی یانەکە 454 کەسە، لەکاتێکدا ژمارەی ئامادەبووان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا 274 کەس بووە.